# فەرمانم پێنەکراوە مزگەوتی بڵند دروست بکەم

له‌ ئیبن عه‌باسه‌وه‌ -ڕه‌زای خوایان لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «فه‌رمانم پێنه‌كراوه‌ مزگه‌وتی بڵند دروست بكه‌م». ئیبن عه‌باس ده‌ڵێت: (مزگه‌وته‌كان) ده‌ڕازێننه‌وه‌ هه‌روه‌كو چۆن جوله‌كه‌ ونه‌سڕانییه‌كان ڕازاندیانه‌وه‌.
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

مه‌به‌ست له‌ بڵندكردنه‌وه‌ لێره‌دا به‌رزكردنه‌وه‌ی بینای مزگه‌وته‌كه‌یه‌، هه‌روه‌كو پێشه‌وا (البغوي) ده‌ڵێت، وزیاده‌ڕه‌وی كردن له‌ ڕازاندنه‌وه‌ی مزگه‌وت وڕازاندنه‌وه‌ی مزگه‌وت له‌ كرده‌وه‌ی جوله‌كه‌ ونه‌سڕانیه‌كانه‌ هه‌روه‌كو ئیبن عه‌باس ده‌ڵێت -ڕه‌زای خوای لێبێت-. به‌ڵام دروستكردنی مزگه‌وت به‌ شێوه‌یه‌ک كه‌ بیناكه‌ی پته‌و بێت وبه‌ ئاسانی دیواره‌كانی نه‌ڕووخێت به‌ بێ ڕازاندنه‌وه‌ ونه‌خش كێشان وزه‌خره‌فه‌ دروستكردن ئه‌مه‌ مه‌كروهیه‌تی تێدا نییه‌ ئه‌گه‌ر بۆ شانازی وڕیا وناوبانگ ده‌ركردن نه‌بێت؛ هه‌روه‌كو پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: (من بنى لله مسجداً بنى الله له مثله في الجنة) [رواه مسلم] واته‌: (هه‌ركه‌سێک له‌ پێناو خوای گه‌وره‌ مزگه‌وتێک دروست بكات؛ ئه‌وا خوای گه‌وره‌ هاوشێوه‌ی ئه‌وه‌ خانوویه‌كی بۆ دروست ده‌كات له‌ به‌هه‌شتدا). مزگه‌وته‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- له‌ خشتی قوڕ دروستكرا بوو وبنمیچی مزگه‌وته‌كه‌ (سه‌قفی) مزگه‌وته‌كه‌ له‌ لقه‌ سه‌وزه‌كانی دارخورما وپایه‌كانی ناو مزگه‌وته‌كه‌ له‌ قه‌ده‌كانی دارخورما بوو، وئیمامی ئه‌بوبه‌كر -ڕه‌زای خوای لێبێت- هیچی بۆ سه‌ر مزگه‌وته‌ زیاد نه‌كرد و وه‌كو خۆی هێشتیه‌وه‌، وله‌ سه‌رده‌می عومه‌ری كوڕی خه‌تاب -ڕه‌زای خوای لێبێت- كاتێک پایه‌كان كه‌ له‌ قه‌دی دارخورما بوون وبنمیچه‌كه‌ی كه‌ له‌ لقه‌ سه‌وزه‌كانی دارخورما خه‌ریک بوو تێكده‌چوون وبه‌ كه‌ڵكی ئه‌وه‌ نه‌ده‌هاتن بمێننه‌وه‌؛ ئیمامی عومه‌ر وه‌كو یه‌كه‌م جار دروستی كرده‌وه‌ بێ ئه‌وه‌ی هیچ شتێكی تری بۆ زیاد بكات، وله‌ سه‌رده‌می ئیمامی عوسماندا -ڕه‌زای خوای لێبێت- مزگه‌وته‌كه‌ی گه‌وره‌ كرده‌وه‌ ودیواره‌كه‌ی له‌ گه‌چ وبه‌رد دروستكرد، وپایه‌كانی له‌ به‌رد دروستكرد، وبنمیچه‌كه‌ی گۆڕی بۆ داری به‌ڕوو، وبه‌هۆی ئه‌م ماددانه‌ بینای مزگه‌وته‌كه‌ به‌هێزتر بوو، وبه‌ بێ ئه‌وه‌ی ڕازاندنه‌وه‌ ونه‌خش وزه‌خره‌فه‌ی بۆ زیاد بكات، به‌ڵام ئه‌و به‌ردانه‌ی كه‌ نه‌خشیان له‌سه‌ر بوو به‌ فه‌رمانی ئه‌و نه‌بوو كه‌ نه‌خشی له‌سه‌ر بكرێت به‌ڵكو خۆی به‌و شێوه‌یه‌ بوو، وئه‌و هاوه‌ڵانه‌ی كه‌ ئینكاریان لێكرد هیچ به‌ڵگه‌یه‌كیان نه‌بوو له‌سه‌ر نه‌هی لێكردنه‌كه‌یان بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م كرده‌وه‌یه‌ قه‌ده‌غه‌ بكات مه‌گه‌ر ئامۆژگاری كردن نه‌بێت به‌ شوێنكه‌وتنی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- وئه‌بوبه‌كر وعومه‌ر له‌ دروستكردنی مزگه‌وت به‌ بێ ڕازاندنه‌وه‌، وئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ مانای ئه‌وه‌ ناگه‌یه‌نێت كه‌ مزگه‌وت نابێت بیناكه‌ی به‌هێز بێت وبه‌ ووردی دروستبكرێت وئه‌م كرده‌وه‌یه‌ش مه‌كروهیه‌تی تێدا نییه‌، به‌ڵكو نه‌هی كردنه‌ له‌ ڕازاندنه‌وه‌ ونه‌خش كێشان تێیدا وبڵندكردنه‌وه‌ی مزگه‌وت كه‌ وه‌كو باڵه‌خانه‌ی لێبێت به‌ بێ هیچ سوودێک چونكه‌ خۆچواندنه‌وه‌ به‌ جوله‌كه‌ ونه‌سڕانیه‌كان وهه‌روه‌ها شوێنی په‌رستنی نابێت شتی سه‌رنجڕاكێشی تێدا بێت بۆ ئه‌وه‌ی نوێژخوێنان به‌ خشوعه‌وه‌ نوێژ بكه‌ن وبیریان لای خوێندنه‌وه‌كانیان بێت له‌ كاتی نوێژدا وهه‌روه‌ها هه‌ندێک جار ئه‌م ڕازاندنه‌وه‌ زیاده‌ڕه‌وی تێده‌كه‌وێت وده‌بێته‌ هۆی ئیسراف كردنی پاره‌یه‌كی زۆر به‌ بێ هیچ سوودێک كه‌ جاری وا هه‌یه‌ ته‌نها بۆ شانازی وڕیایی وناوبانگ ده‌ركردنه‌، په‌نا به‌ خودا.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee